کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12-11-2007 0:39

**بڕیاری شەڕ زیان بە گەشتوگوزاری تورکیا دەگەیەنێت ... نادر روستی**

وڵاتی تورکیا یەکێکە لە ولاتە گرنگەکانی گەشتوگوزاری جیهان، بەم هۆیەش ساڵانە بەملیۆن گەشتیار روو لە تورکیا دەکەن، ئەمەش وای کردوە کە تورکیا داهاتێکی بەرزی ماددی لە سەردانی گەشتیارانی هاتوو بۆ تورکیا دەست بکەوێت، کە رەنگە زیاتر لە 75% داهاتی ساڵانەی تورکیا پێك بێنێت.



تورکیا بەو پێگە سورشتی و ستراتیژیەی هەیەتی ئاووهەوای زۆربەی ناوچەکانی بۆ گەشتوگوزار گونجاوە، لە هەمان کات خاوەنی ژیارێکی سەردەمە جیاوازەکانی مێژووە، ئەمەش بۆتە هۆی مانەوەی شوێنەواری جۆراوجۆری دەسەلاتەکان، کە لە تورکیا دەسەڵاتیان بەرێوەبردوە. شوێنە سورشتی و شوێنەواریەکان و شارە جوانە گەشتیاریەکانی تورکیا، سەرنجی زۆر لە گەشتیارانی جیهانی راکێشاوە، لە لایەکیتر خزمەتگوزاریە گەشتوگوزاریەکان لە لایەن حکومەتەوە زۆر بە جوانی پێشکەشی گەشتیاران کراون. جگە لە حکومەت، کەرتی تایبەت شانبەشانی حکومەت توانیویەتی دەیان پرۆژەی جۆراو جۆری بواری گەشتوگوزار ئەنجام بدات. ئەم هەولانە و سەقامگیری بواری ئاسایش لە شارەکانی تورکیا، هەلومەرجێکی کونجاوی بۆ گەشتیار دروست کردوە.

سەقامگیری و پاراستنی ئاسایش دوو بنەمای گرنگی گەشتوگوزارن

یەکێك لەو خەسلەتانەی کە پێویستە لە گەڵ بنەماکانی تر وەك بنەمایەکی گەشتیاری بوونی هەبێت، سەقامگیری سیاسی و سەربازی و ئابووری هەر وڵاتێکە، بوونی سەقامگیریش لە ئەنجامی قبول کردنی بنەماکانی دیموکراسی و یەکسانی کۆمەڵایەتی و باوەر بوون بە نەتەوە و ئايینە جۆراوجۆرەکانی سەر رووی زەویە. لە هەمانکات سەقامگیری و ئارامی بە رێکخستن و توندوتۆڵ کردنی پەیوەندی لە گەڵ هاوسێیەکانی وڵات دێتە ئاراوە، بوونی ناکۆکیی لە گەڵ هەر یەك لە هاوسێکان و ولاتانی ناوچەکە کاریگەری زۆر خەرابی بە سەر دروست کردنی ترس لە دەروونی گەشتیاران دەبێت، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی رێژەی هاتنی گەشتیاران. گەشتیار پێویستی بە پشودان و کات بەسەر بردنە، پێویستی بە ئارامی و پاراستنی ئاسایشە، پێویستی بە رێزلێنان و پێشوازی کردنە، گەشتیار دەیەوێت دوور لە شەر و مەترسی بۆ سەر ژیانی گەشتەکەی ئەنجام بدات.

گەشتیارن دوژمنی شەرن.

لە هەر شوێنێك شەر هەبێت گەشتیار رووی تێناکات، لە کاتی روودانی شەرەکانی لوبنان هەزاران گەشتیار بە پەلە لوبنانیان چۆلکرد، کە تا ئەمرۆش نەگەراونەتەوە لوبنان، بەم هۆیە لوبنان ملیۆنان دۆلار زیانی پێکەوت. کاتی تەقینەوەکانی بالی ئەسترالیا روویدا، هەزاران گەشتیار ئەم ولاتەیان جێهێشت کە ئەمرۆش زۆر بە ئاستەم دەگەرێنەوە ئوستراليا. ڤێتنام تا شەری لە ناودا هەبوو، بە وڵاتێکی گەشتیاری نەناسرا، بەڵام ئەمرۆ کە ئاسایشی سەقامگیرە بە ملیۆنان گەشتیار رووی تێدەکەن. ئەمرۆ بە هۆی نائارامی ئیراق کەمترین گەشتیار روولە ئیراق ناکەن. رێکخراوە توندرەوەکانی بەرهەڵسکار کاتی بیانەوێت زیان بە ئابووری دەسڵاتی دژیان بگەیەنن، پەنا بۆ هێرشکردنە سەر شوێنە گەشتوگوزاریەکان دەبەن، ئەگەر نەیانەوێت گەشتیارانیش بکوژن بەڵام گەشتیاران دەترسێنن. بەم جۆرە لە رێگەی گەرانەوە و نەهاتنی گەشتیاران زۆرترین زیانی ئابووری بەو وڵاتە دەکەوێت. بۆیە من پێموایە ئەگەر تورکیا بریاری شەرکردن و هێرش کردن بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ئەو شوێنانەی پارتی کرێکارانی کوردستانی لێیە بدات، کەشێکی نا ئارام لە تورکیا دێتە ئاراوە، کە دەبێتە هۆی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەهاتنی گەشتیاران بۆ تورکیا، بەم جۆرە تورکیا زیانێکی زۆر بە ئابووری خۆی دەگەیەنێت. ڕەنگە بپرسین چۆن و بۆ؟؟ لە وەلام دەلێین: کاتی پارتی کرێکاران هێرشی توندیان بکرێتە سەر و گوشاریان بکەوێتە سەر، ڕەنگە ڕێنمای بە ڕێخستنە نەهێنیەکانیان لە ناو شارەکانی تورکیا بدەن کە هێرشی توند بۆ سەر شوێنە ئابووری و گرنگەکانی دەسەلاتی تورکیا ببەن. خوێندنەوەی رابردووی pkk بە تایبەت کاتی گیرانی عەبدوللا ئۆج ئالان ئەم راستیانەمان دەخاتەوە پێش چاو، ئەو کات بینیمان چەندان خۆپیشاندان و کردەوەی خۆکوژی ڕوودان. ڕەنگە ئەم جارە کردەوەکان توندتر بن، چونکە لە پێناو دروستکردنی گوشار دەبێت بۆ سەر تورکیا، بۆ ئەوەی تورکیا ناچار ببێت بە ناو خۆی مەشغول بێت و گوشار لە سەر pkk کەم بکاتوە و لە شەرەکە نە دۆرێت. بۆیە باش وایە تورکیا بەرژیەوەندیە ئابووریەکانی بەر لە هەموو شتێك زیاتر لە بەر چاو بێت، چونکە تورکیا بە بێشەر لە قەیرانێکی ئابووری خرابدایە، ئەگەر داهاتی گەشتوگوزاریشی نەمێنێت، ڕەنگە لەو کات ئابووری تورکیا بکەوێتە بارودۆخێکی زۆر نالەبار و قەیرانێکی کوشندە سەر هەلبدات. ئەگەر کار بگاتە ئەم ئاستە، بێگومانم کە حزبەکەی سەرۆك وەزیان (ئەردۆغان) ناتوانێ لە سەر بەرنامەی ئەو چاکسازیانەی بەردەوام بێت کە لە هەلبژادنەکان پێی بردەوە و بەردەوامی بە دەسلاتی دا، کە بەلێن وایە گۆرانی بەرەو باشتر لە تورکیا دروست بکات. بۆیە باشترین ڕێگا چارە ئەوەیە کە تورکیا بیر لە شەرو هێرش کردنە سەر هەرێمی کەردستان نەکاتەوە، بەلکو ڕێگەچارەی ئاشتیانە لە سوودی هەموو لایەکدایە، بەتایبەت لایەنی تورکیا.

Nadr_rwsty@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.